لیستی کوردستانی

٥٤


# بەڵێ ... بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان




حاکم/عەونی بەزاز*


**بێگومان، ئەمە یەکەمجارە، لە مێژووی گەلی کوردستاندا، دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان دابنرێت و، ببێتە مێژوویەکی پرشنگدارو مایەی سەربەرزی و بەهێزیی هەموومان. هاوبەشبوونی کوردستانیانیش لە نووسینەوەیدا، هێزێکی پتری بە دەستوورەکەدا، بوو بە ئەزموونێکی نوێ و پڕ بایەخ لە ڕەوشی هەرێمی کوردستاندا، چونکە دەستوورەکە بە ڕەزامەندیی و ڕاوێژی کوردستانیان نووسرایەوەو، پاشان، لە پێناوی پەسندکردنی خرایە بەر چاوی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ رای گەل و، بە راپرسی قبووڵی بکات، یان ڕەتی بکاتەوە.**

ئەم دەستوورەی ئێمە، کە دەستووری کوردستانە، لە هزرو ئیرادەی کوردستانیانی ئێراقەوە هەڵقوڵاوەو، ئامانج و ئاواتی ئێمەی کوردە، ئەم دەستوورە دەستووری هەموو هاووڵاتییەکی کوردستانییەو، پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی کوردستان هاوشان کۆ دەکاتەوە، بۆ پاراستنی مافی هەموومان دانراوە.

دەستوورێکی ئەوتۆ، کە بە دەست و ئیرادەو بڕیاری خۆمان نووسیومانەتەوە، بناغەی کوردستانێکی سەقامگیرو بەهێزو بێ کێشەو یەکگرتووە، لە چوارچێوەی ئێراقێکی فیدراڵ و پرتوانادا دەچەسپێنێ، کە سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ و، هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی، بەو پەڕی ئازادی و سەربەخۆیی و حورمەت و شکۆمەندی و دادپەروەرییەوە گوزەرانی چاکەوە، تێیدا بەشداری بکەن. پێویستیشە هەموومان، لە پاش راپرسی، دەستبەرداری نەبین و جێ بەجێی بکەین.

دەستووری هەرێمی کوردستان، پاش پەسندکردنی لە پەرلەمان، کە بەپێی حوکمی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008ی هەموارکراو "یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق" پەرلەمان پەسندی دەکات و، لە ڕۆژی (2009/7/25)دا دەخرێتە بەر راپرسی گشتیی چاوەڕوانکراوەوە، بە دەستکەوتێکی مەزن دادەنرێت و، دەخرێتە سەر دەستکەوتە بەدیهاتووەکانی دیکەی گەلی کوردستان.

دەستوور بەرزترین یاسایەو، دایکی یاساکانە، دەستوور ئەو یاسا بنەڕەتییە کە بە هیچ یاسایەکی دیکەی بەسەرناکەوێ، لە هەموو یاسا ئاساییەکان بەرزترو باڵاترە، کەواتە، ناشێ یاسایەک بێتەگۆڕێ لەگەڵ حوکمەکانی دەستووردا پێچەوانە بێت. دەستوور، پەیکەری دەسەڵاتەکانی هەرێم دەست نیشان دەکات و، دەسەڵات و میکانیزمی هەڵسووڕاندنی دیاری دەکات و، لەبەر رۆشنایی دەستوور دامو دەزگاکان دادەمەزرێن و، لەسەر حوکم و بەندەکانی دەستووریش، یاسا ئاساییەکان دادەنرێن و، ئەگەر پێویستیشی کرد، بۆ یەکگرتنەوەی لەگەڵ حوکمەکانی دەستووردا، حوکمی یاسا بەرکارەکانیش هەموار دەکرێت.

دەستوور گرێبەستییەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان بنەماو پێکهاتەکانی گەلی کوردستاندا... بەپێی دەستوور، دامودەزگاکان دادەمەزرێن و، یاساکان دادەنرێن، هەر بەپێی دەستوور ئەرکەکان و مافەکانی حوکمڕان و ژێر دەستەکان، لە هەرێمدا دیار دەکرێن و، لە حاڵەتی کێشەو ململانێ و پێوەندییەکانی دەستووریدا دیسان پەنای بۆ دەبەینەوە. دەستوور یاسای بنەڕەتییە. بەگشتیش، دەستوور بەڵگەنامەیەکی یاساییە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری دانراوە.

جا، بۆ ئەوەی دەستوورێکی عێراقی فیدراڵ، لە هەرێمی کوردستاندا دابنرێت و، بەپێی دەسەڵاتەکانی ببێتە هەرێمێکی فیدراڵ و، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (120)یش لەو دەستوورە بەڕێوە بچێت، ئەوە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی دەستوورێکی تایبەت بەخۆی هەبێت کە پەیکەری دەسەڵاتەکانی دەست نیشان بکات و، دەسەڵات و میکانیزمەکان دیار بکات، لەبەر ئەوە، ئەم دەستوورەمان بنیات نا: دەستووری کوردستان لە (122) ماددە پێکهاتووەو، هەشت دەروازەیە، کە لێرەدا هەندێک لە حوکمەکانی دەخەینە بەرچاو:

- دەروازەی یەکەم: باسی بنەما سەرەکییەکان دەکات، کە کوردستان – عێراق هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵداو، سیستەمی سیاسی پەرلەمانی و جەماوەری و دیموکراتییەو، فرە لایەنی سیاسی و، بنەمای جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان دەخاتە کارو، دەساودەسکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی و یەکسەرو نهێنی و خولاو خولە ئەنجام دەدات و، ئەو ناوچە جوگرافیانەشی تێدا نیشانە کراون کە بەپێی مێژوو بەشێکن لە کوردستان – عێراق و، بەپێی ماددەی (140)یش لە دەستووری عێراق، سنوورە سیاسییەکانی هەرێم دەست نیشان دەکرێن و، ناشێ هەرێمێکی نوێ لەناو سنووری هەرێمی کوردستان – عێراقدا دروست بکرێت و، گەل خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتەو بناغەی شەرعیەتی دەسەڵاتە، دەستووری هەرێمی کوردستان و یاساکانی کوردستان سەروەری و دەست باڵاییان بەسەر هەموو ئەو یاسایانەدا هەیە کە حکوومەتی عێراق لە دەرەوەی دەسەڵاتە قەتیسەکانی (الحصریە) فیدراڵی دەریان دەکات کە دەقەکانیان لە ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵدا هاتووە، گەلی هەرێم لە کوردو تورکمان و عەرەب و کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەنی و خەڵکی تر پێکهاتەوە، کە هاووڵاتی کوردستانن و، دەستوور ڕێز لە ناسنامەی ئیسلامەتی زۆربەی گەلی کوردستان دەگرێ و حورمەتی لێ دەنێ، ڕێزو حورمەتی بۆ تەواوی مافەکانی ئایینی مەسیحی و ئێزیدی هەیەو، بۆ هەموو کەسێک لە هەرێمدا ئازادی باوەڕو مومارەسەی دروشمەکانی ئایینی دەستەبەر دەکات و، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بە سەرچاوەی بنەڕەتی دانانی یاسا دادەنێ و، نابێ یاسایەک دابنرێ لەگەڵ سەلمێنراوەکانی حوکمەکانی ئیسلامدا هاودژ بێت، یان لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتیدا ڕێک نەکەوێ، یان لەگەڵ ماف و ئازادییە بنەڕەتەکانی کە لە دەستوورەکەدا هاتوون نەگونجێ، هەروەها، ئەو پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانەی کە حکوومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەر دەوڵەتێک، یان لەگەڵ هەر لایەنێکی بیانی مۆری دەکات و، پەیوەندی بە بارودۆخ، یان پەیوەند بێت بە مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە کاتێک لە هەرێمدا جێ بەجێ دەکرێن، ئەگەر بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی پەسند بکرێت. هەر پەیماننامەو ڕێکەوتنامەیەک کە حکوومەتی فیدراڵ لەگەڵ دەوڵەتانی بیانیدا مۆری دەکات بەسەر حکوومەتی هەرێمدا جێ بەجێ ناکرێن، ئەگەر باسی کاروبارێکی دەرەوەی دەسەڵاتی قەتیس (حصری)ی کرد بێت، بەپێی ماددەی (110)ی دەستووری فیدراڵ، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان، ڕەزامەندیی لەسەر جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستاندا نەدا بێ.

هەرێم مافی خۆیەتی ڕێککەوتننامە لەگەڵ هەرێمەکانی ناو دەوڵەتە بیانیەکان دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە ناکەونە ناو دەسەڵاتە قەتیسەکانی (حصری)یەکانی دەسەڵاتی فیدراڵەوە مۆر بکات و، بۆشی هەیە ڕێککەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتاندا ببەستێ، بە مەرجێ حکوومەتی فیدراڵ لەسەری رازی ببێ، بۆشی نییە نارازی بێ تەنیا بەهۆی دەستووری و یاساییەوە نەبێت.

هەروەها، (هەولێر) پایتەختی هەرێمی کوردستانەو، پەرلەمان بۆی هەیە، بە زۆرینەی دوو و سێیەکی ئەندامەکانی شارێکی دیکەی کوردستان بکات بە پایتەخت، هەرێمیش ئاڵای تایبەتی خۆی هەیەو شان بە شانی ئاڵای فیدراڵی عێراق هەڵدەدرێت، دروشم و سروودی نیشتمانیی و جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز)ی هەیەو، بەپێی بڕگەی پێنجەمی ماددەی (121) لە دەستووری فیدراڵ، هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی پارێزەرو پاسەوانی هەرێمی هەیەو، ناشێ میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسادا پێک بهێنرێت.

زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمی هەرێمن و، تورکمان و سریانی دوو زمانی رەسمین لە تەک زمانی عەرەبی و کوردیدا لەو یەکە ئیدارییانەدا کە زۆربەی دانیشتوەکانیان بەو زمانانە دەدوێن.

دەروازەی دووەم، مافەبنەڕەتیەکانەو، کراوە بەسێ بەش:

لە بەشی یەکەمدا باسی مافە مەدەنیەکان و مافە سیاسیەکان دەکات، بەڵام بەشی دووەم باسی مافە کۆمەڵایەتیەکان و ئابوورییەکان دەکات، هەرچی بەشی سێیەمە ئەوە، باسی مافە نەتەوەیی و ئایینی پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی هەرێم دەکات، بەگوێرەی ئەم بەشە:

حورمەتی مرۆڤ پارێزراوەو، ڕێزو پاراستنی لەسەر دەسەڵاتەکانی هەرێم پێویستە و، هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی دەستەبەرەو، ناشێ لێی بێبەش بکرێت یان کۆت بکرێت بەبێ یاسا. هەموو کەسێکیش مافی ئازادیی ئایین و بڕواو هزرو ویژدانی خۆی هەیەو، هەموو کەسێکیش مافی دەربڕین و مافی پەیوەندی و هاتوچۆی پۆستە و بروسکە و تەلەفۆن و ئەلکترۆنییەکانی دەستەبەر و، ناشێ بن چاو (رقابە) بکرێن یان گوێیان بۆ هەڵخرێ (لا یجوز التنصت علیها ومراقبتها).

دەستووری هەرێم چاودێری تازە پێگەیشتووان و لاوان دەستەبەر دەکات و، توانا و شیاوییان پەرە پێدەداو، وەرزش (نەدەداو) دامودەزگای وەرزش دادەمەزرێنێ، هەموو پێداویستییەکانی مسۆگەر دەکات. دەستووری هەرێم گرنگی و بایەخ بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەدات و، ئازادیی کۆبوونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵە و رابیتە و یەکێتییەکان دابین دەکات و، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەربەخۆییان لە ئەستۆ دەگرێ. هەرێم دەستوور ئازادیی دامەزراندنی حیزبەکان دەستەبەر دەکات و هەموو کەسێک بەرامبەر بە یاسا یەکسانن و جیاوازیان نییە لە ڕووی ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و ئایینەوە. ژن و پیاو لە بەردەمی یاسادا، لە مافی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووریدا یەکسانن و هیچ جیاوازییەکیان نییە. ژنان ڕێژەی (30%)ی کورسییەکانی پەرلەمانیان دەستەبەرەو دەستوور مافی پەککەوتە و کەمئەندامان و زیندانیانی سیاسی دەستەبەر دەکات و، پیر و بێوەژن و بێوە پیاو و هەژاران دەپارێزێ. هەروەها دەستووری هەرێم مافی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری و ئیداری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و بۆ تورکمان و، عەرەب و، کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەنی، بە حوکمی زاتیشەوە بۆ ئەوانەیان کە زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن مسۆگەر دەکات.

هەموو کەسێک، مافی خۆیەتی، سوود لەو مافانە وەربگرێت کە لە ڕێکەوتن و بەڵگەنامە و بەڵێن و ڕێنماییە نێودەوڵەتیەکاندا هاتوون و، پێوەندیان بەو مافانەی مرۆڤەوە هەیە کە ئێراق تێیدا بەشدارە، یان مۆری کردووە.

هەرچی دەروازەی سێیەمە لە دەستوورەکەدا، ئەوە تایبەتە بەهەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و، جێبەجێکردن و دادوەری لە هەرێمدا، کە پەرلەمانی کوردستان - ئێراق دەسەڵاتی یاسادانان و مەرجەعی سەیرکردن و یەکلاکردنەوەی مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمە، لە سیستەمی هەڵبژادنیشدا ئەندامان بەجۆرێک هەڵدەبژێردرێت کە بەڕەواو عەدالەت پێکهێنەرەکانی گەلی کوردستان بنوێنن و ڕێژەی (30) ی کورسییەکانی بۆ نوێنەرانی ژنان لە پەرلەماندا دەستەبەر ببێت. دەستوور ماف و ئەرکەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دیارکردووە، دەسەڵاتی دادوەریش سەربەخۆیە و، دادوەری دەسەڵاتی گشتی (الولایە العامە) بەسەر هەموو کەسانی سرووشتی و مەعنەویدا هەیە و، حوکم و بڕیارە دادوەرییەکان بەناوی گەلەوە دەردەچن و بەناوی گەلیشەوە جێبەجێ دەکرێن. قەدەغەیە دادگای تایبەت یان دادگای نائاسایی لەهەرێمدا دابمەزرێت، دادگای دەستووری لە هەرێمدا دادەمەزرێت، بە پێی یاساش خەڵک قەدەغە دەکرێن کە هیچ بڕیارو کارەکانی جێبەجێکردن لە تانە لێدان نەپارێزن و هەر کارمەندو مونتەسبی ئیدارەو دەزگاکانی حکوومەتیش هەیە کە لە کاتی هەڵسوڕاندنی ئیش وکاردا بە هەڵە یان بە کەمتەرخەمی زەرەرو زیانیان بە خەڵک گەیاندووە، ئەو خەڵکە زەرەرمەندە مافی خۆیانە داوای قەرەبوو لەلایەنە حکوومیەکان بکەنەوە.

هەرچی دەروازەی چوارەمە، ئەوە تایبەتە بە داواکاری گشتی و ئەنجوومەنی شوورا (الشوری).

هەرچی دەروازەی پێنجەمە ئەوە تایبەتە بە ئیدارەکانی مەحالی و ئەنجوومەنەکانی شارەوانی، بە پێی ئەم دەروازەیە لامەرکەزیەتی ئیداری لە هەڵسوڕاندنی یەکە ئیداریەکاندا دەخرێتە کارو، ئەنجوومەنە ناوخۆ و ئەنجوومەنەکان شارەوانیش کەسایەتی مەعنەوی خۆیان هەیە و هەر یەکەیەکی ئیداری، یان شارەوانی بودجەی سەربەخۆی خۆی هەیە و، لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی ناوخۆ و شارەوانیەکانییشدا نوێنەرایەتی عادیلانە بۆ پێکهێنەرەکانی کوردستان ڕەچاودەکرێ و، هەریەکەیەکی ئیداریش دوو ئەنجوومەنی دەبێت، یەکێکیان هەڵبژاردەو ئەوەی تریان راپەڕاندن.

دەروازەی شەشەم ئەو دەستە و کۆمسیۆنە سەربەخۆیانە چارەسەر دەکات کە ملکەچن بۆ چاودێریکردنی (رقابە) پەرلەمان، لەوانەش دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان و، دیوانی دەستپاکی و چاودێری دارایی و، دەستەی گشتی سەلامەت و چاکی بەروبومەکانی ناوخۆو هاوردەکان.

هەرچی دەروازەی حەوتەمە ئەوە تایبەتە بە حوکمە داراییەکان، بەڵام دەروازەی هەشتەم ئەوە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی دەستوور و لێکدانەوەو هەموارکردنیان تەرخان کراوە، چونکە بە پێی ڕێکارەکانی ماددەی (120) دەستوور هەموارناکرێت بە مەرجێ ئەو هەموارکردنە، سەلامەتی پێڕۆی سیاسی پەرلەمانی جەماوەری و دیموکراتی کوردستان - عێراق نەشێوێنێ سەلامەتی خاکەکەی تێک نەداو، لەو ماف و ئازادیە سەرەکیانە کەم نەکاتەوە کە تێیدا هاتوون و، ئەگەر لە راپرسی گشتیدا کە لە ڕۆژی 2009/7/25 ئەنجام دەدرێت، زۆربەی دەنگدەرانی گەلی هەرێمی کوردستان دەنگیان دا بە دەستوور، ئەوا، ئەو دەستوورە تەسدیقی لەسەر کراوەو تەواو بووە.

لەبەرئەوە داوا لە هاووڵاتیانمان دەکەین کە لەو ڕۆژەدا بۆ سەندوقەکانی دەنگدان بچن و، لە راپرسیەکەدا بە وشەی (بەڵێ بۆ دەستوور) دەنگ بدەن.

**• جێگری لیژنەی یاسا لە پەرلەمانی کوردستان**

دەستوور بەرزترین یاسایەو، دایکی یاساکانە، دەستوور ئەو یاسا بنەڕەتییە کە بە هیچ یاسایەکی دیکەی بەسەرناکەوێ، لە هەموو یاسا ئاساییەکان بەرزترو باڵاترە، کەواتە، ناشێ یاسایەک بێتەگۆڕێ لەگەڵ حوکمەکانی دەستووردا پێچەوانە بێت.

حاکم/عەونی بەزاز

# ئەوانەی خۆیان ئیختیاری سەنگەری شۆڤێنی و ناحەزان دەکەن!




هاودەنگ فاروق


**توخمێک پەیدابوون، یەقدانەوەی ناوەوەی خۆیان بەسەردەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستاندا دەڕێژن، لە ڕۆژگاری ناکۆکییەکاندا، فرمێسکی ناحەزانەیان بۆ ناتەبایی پارتی و یەکێتیدا دەڕشت، ئەمڕۆش بە ئاوەژووکردن و لێکدانەوەی نادروست بۆ وتەکانی سەرۆک بارزانی، گەرەکیانە ئەم رق وکینەی خۆیان بە هاودەنگی لەگەڵ شۆڤێنیستەکانی ئێراق و ناوچەکە بە سەر دەستووری پەسەندکراو لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دابڕێژن..**

ئەم هەوڵە نەزۆکەی چەند کەس و گرووپێک کەپێیانوایە، و مەبەستیانە ناوڕۆکی وتارەکەی سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی 24–6 و لە ئانی ڕاگەیاندنی بەرنامەی لیستی کوردستانی لە هەولێر بشێوێنن و، وەک، مەشکە لە خۆی بەشکە.! بەرگی ناحەزی بەسەرخۆیاندا بکێشن و بە ناوی سەرۆک بارزانیشەوە تەواوی بکەن. سەرۆکی کوردستان لەم ئاماژەیەیدا، مەبەستی ئەوانە بوو کە ڕۆژانە بە هەر ئامرازێک و شێوازێک بێت هەوڵ دەدەن تەنگژە لە نێوان حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی بەغدا دروست بکەن و کێشەکان بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم قووڵتر بکەنەوە، بۆیە شۆڤێنی عەرەب و غەیرە عەرەب، جگە لە شۆڤێنییەکانی ئێراق هەن، دەکەونە بەر تاریفی وتارەکەی سەرۆک بارزانی. هێندەی پەیوەندیشی بە ڕەفتارو دژایەتی کەسانی نێوخۆی دژە بە دەستوور هەیە، ئەو کەسانە ئەگەر بیانەوێت لە سەر ئەو هەڵوێست و هاوئاهەنگییەی شۆڤێنیستانی عەرەب بەردەوام بن بیانەوێت یان نا، ئەوە ئۆتۆماتیکی خۆیان لە سەنگەری ناحەزانی گەلی کوردستان دەدۆزنەوە، هەروەک ئەگەر خۆیشیان دەرکیان بەوەکردوە، بۆچوونی پڕ لەهەڵچوون و داچوونیان لە دژی دەستووری کوردستان هەمان، ئەو تێڕوانینە دوژمنکارانەی ئەم چەند کەسە شۆڤێنیەی نێو پەرلەمانی بەغدایە، ئێ خۆ بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێ، ئەوە خۆیانن ئەم هەوڵە دەدەن، کەس حەز ناکات هیچ هاووڵاتی و ڕۆڵەیەکی ئەم کوردستانە، لە بەرەی دژ و ناحەزانە ببینێت.

ئەم هەوڵەی ناحەزان، جۆرەهەوڵێکن، زیاتر لە پەلەقاژە دەچن.. ئەم پەلەقاژەیەی لە دژی دەسکەوتەکانی کوردستان و ئەو هەنگاوەنە هەڵتۆقیوە، کە بۆ بە دامەزراوەیکردنی هەرێمی فیدراڵی کوردستان دەهاویشترێن و دەیانەوێت کوردستان لە بێدەستووری رزگاربکرێ..

ئەوەی بە دیقەت گوێی لە وتەکانی سەرۆک بارزانی بووبێ، هەرگیز بەهەڵەدا ناچێت و دردۆنگیش نابێ، لەوەی سەرۆک خۆی ناخاتە ئاستێک، کەسانێکی دڵسۆزو نیشتیمانپەروەری کوردستان بخاتە خانەی ناحەزان، بەڵکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چەندین جارئەوەی چەند پات کردۆتەوە کە ئەو سەرۆکی هەموو کوردستانەو هەموو هاووڵاتییەکی ئەم کوردستانەو، هەروا لیست و بیروباوەڕ جیاوازەکان لەلای ئەو خاوەن ڕێزو تەقدیرن، بەڵام خۆ ئەگەر کەسانێکیش لە کوردستان هەبن، کە دوور نییە هەبن..! عیبارەتی ناحەزانەیان پڕ بە پێستی خۆ پێناسە دەکەن و فەرقێک و تاڵە موییەکیش نابینن لە نێوان دەربڕینی رق و کینەی خۆیان وناحەزو شۆڤێنیزمەکانی ئێراق، ئەوە خۆیانن بڕیاریان داوەو پێیانوایە سەنگەری ناحەزان و نەیارانی کوردستان لە حاڵی ئەمڕۆی کوردستاندا، ئەلتەرناتیفە بۆ یەکلاکردنەوەی هەڵوێست و رقی خۆیان بەو شێوەیەی لە کوردستاندا ئەوان، ببن بە کەوا سووری بەر لەشکرەی ناحەزانی کوردستان، کە بێگومان بەم ڕەفتارە ناڕەوایایەن دەبن..

تۆ وابێت تۆزقاڵێک تێڕوانینت لەگەڵ ئوسامە نوجەیفی و هاودەنگەکانی جیاواز نەبێت بۆ لەوە دەترسی خەڵکی وشیاری کوردستان ئەگەر بشێیت بڵێ: تۆ بە دژایەتیکردنی دەستووری کوردستان و حکوومەتی هەرێم و ڕەشکردنەوەی هەموو شتەجوانەکانی ئەم وڵاتە، ئەجێندای دەرەکی پیادە دەکەیت..؟ ئەی ئەگەر ئەم هەوڵانە نەچنە خانەی ناحەزی چییە، دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە..؟

ئەوانەی ئەو جۆرە سووکایەتیی دەخەنە نێو ئەدەبیاتی ئەمڕۆی نووسین و فەرهەنگی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی و دژایەتی دەستووری کوردستان دەکەن، جگە لە مەبەستی بەرزکردنەوەی نەیارانی گەلی کوردستان، ئایە چی دیکەیان ئامانجە..؟ ئایا ئەو کەسانە ئەم شێوازە دەربڕینە نادروستە بە ڕووی خۆیاندا، قەبوڵ دەکەن. داخۆ ڕێگە دەدەن کەسی بەرابەریان ئاوا هەموو سنوورێکی ئەخلاقیاتی ڕەخنە و ئەدەبی نووسین ببەزێنن..؟

پرسیارێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە، ئایە ئەو ڕەخنەو گلەیی و گازاندانەی لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان و لە دەستووری پەسەندکراوی کوردستان، هەر بە گۆترە دەگیرێن، ڕەخنەن بۆ رووخاندن یاشکاندن، یا ڕەخنەن بۆ چاکردن و بیناکردن، ئەوەی بۆ سووکایەتی و رووشاندنە، ئایە دوژمن پێ دەشکێ یا پێی بەرز دەبێت، ئەوەیە جەوهەری مەسەلەکە. ئایا کەسانی گەندەڵ بە قسەی لە خۆیان گەندەڵتر لە ناو دەچن. ئایا ڕێچکەی لەکەدارکردن و سووکایەتی بە دامەزراوە سەروەریی و نیشتیمانییەکانی کوردستان کە گرووپی کۆمپانیای وشە بەشی شێریان بەرخۆیان خستوە لەم ئاراستە شەڕانگێزییە، هەوڵی ناشیرینکردنی حکوومەت و کاربەدەستانی کوردستان ئالتەرناتیفە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان..؟

کێشەی ئەو کەسانە ئەوەیە، کە لە نێوان ڕەش و سپیدا چاویان بەرایی نادات سەدو شەست ڕەنگەکەی دیکە ببینن.

بەرامبەر ئەوکارانەی کە لە سایەی حکوومەتی کوردستانەوە کراوە، بۆیە ئەو زمانە شەڕانگێزیەی ئەمڕۆ هەندێ نووسینی چەواشەکارانەو ڕەخنەی ڕووخێنەری لە سەر دەستوورو ئەدای سەرۆکایەتی کوردستان و حکوومەتی کوردستان، پێدەنووسرێ نامۆیە بە فەرهەنگی دیموکراتی و بە کولتووری کوردی وزیاتر سەر بەو زەمەن و کولتوورییە کە دوژمنان و ناحەزانی کورد شەڕی کولتووری کوردی وبنەما مرۆڤایەتییەکانی گەلی کوردستانیان پێکردوە،

بۆیە مرۆڤی کوردسان بە گشتی وخوێنەری کورد بەتایبەتی هەقی خۆیەتی بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو جۆرە بۆچوون و دەنگە ناسازانە بکات. لە باتی خستنەرووی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیان، دەستووریان کردۆتە کەرەسەی خاو بۆ خۆ پەمپدان و فڕێدانی قسەی زل بۆ ئەوەی لە لایەک دژایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکەن و لەوسەریشەوە لە گەڵ ناحەزان لە یەک جۆگە ئاو بخۆنەوە. ئەم جۆرە دژایەتیکردنەی دەستووری کوردستان و ناو ناتۆر بۆ هەڵبەستن بە بەرنامەڕێژێکی گوماناوی بەڕێوە دەچێت لەناو نەخشەیەکیشدا جێبەجێ دەکرێن، کە ناحەزانی دەرەکی و دوژمانی کورد وردەکارییەکانی دادەڕێژێ.

لە ڕاستیدا ئەوەی سەرنج لەو بەناو گۆڕانکارو ریفۆرمخوازانە بدات، بێ دوو دڵی، هەست بەوە دەکەیت، ئەم پیلانانە لە سادەییەوە سەرچاوە ناگرێ. بۆیە ئەم کینە ژەهراویانە ڕوون نییە ئاخۆ چیان دەوێ وئەو ئەلتەرناتیفەی ئەوان بەدوایا دەگەڕێن لەکام چوارچێوەی ئازادی و سیستەمی دیموکراتیزەکردن و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکیدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەو کەس و گرووپانەی ئێستا خۆیان پێیانوایە ناحەزن و خۆشیان لەو سەنگەرەدا دەبیننەوە، دەبێ ڕۆژێک بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەوە ئەم سەرۆکایەتییەو ئەم پەرلەمان و حکوومەتەی کوردستانە هەموو بوارەکانی ڕاو بۆچوونی ئازادانەی بۆ فەراهەم کردوون، بەڵام جێی داخە کە ئەم جۆرە کەسانە فرسەت تەلەبن و دەیانەوی بەناوی ئازادیەوە دەگەی ژەهراوی لە دەسکەوتەکان و چەمکی ئازادی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بوەشێنن..

دەیانەوێت دەرفەتیک بۆ خویان بقۆزنەوە کە سووکایەتی بەدەسکەوتەکانی گەل و چارەنووسی خەڵکی کوردستان و وئەوئایندەیەوە بکەن کەمایەی ئاسوودەیی وژیانی ئابرومەندانەی منداڵانی شەهیدو پاشماوەکانی ئەنفالە و شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستانە

ئەو ئەزموونەی ئەمڕۆ کوردستان لە سایەیدا ڕۆژ بەرۆژ پێش دەکەوێت لە سایەی حکوومەتی هەرێم و سەرکرایەتییەکی حەکیم وەک سەرۆک بارزانی و مام جەلال هاتۆتە کایەوە، ئەو سەرۆکایەتییەی کە خۆی بە بەرپرس دەزانێ بەرامبەر مێژوو چارەنووسی ئێستاو ئایندەی خەڵکی کوردستان..

ئەو ئەزموونەی ئەمڕۆی کوردستان، لەناو کێشەکاندا دروست بووە، لەسەرەتایەکەوە دەستی پێکردوە کە پڕ بووە لە گرفت ولەمپەرەکان، هەزاران پیلان و خەرەندی پڕ لە مەترسی لە بەردەمدا قوتکراوەتەوە، بەڵام بە پشت بەستن بەئیرادەی گەل و بەجورئەتی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، ئەم قۆناغەش بە سەربەرزی تێدەپەڕێ.

ئەم سەرکردایەتییەی کە چارەنووس وئایندەی ئەم گەلەی لەهەناوی خۆیدا گریداوە بەدڵنیاییەوە ئایندەش دەباتەوە.

ئەم هەوڵەی ناحەزان، جۆرەهەوڵێکن، زیاتر لە پەلەقاژە دەچن.. ئەم پەلەقاژەیەی لە دژی دەسکەوتەکانی کوردستان و ئەو هەنگاوەنەهەڵتۆقیوە، کە بۆ بە دامەزراوەیکردنی هەرێمی فیدراڵی کوردستان دەهاویشترێن و دەیانەوێت کوردستان لە بێدەستووری رزگاربکرێ..

هاودەنگ فاروق